www.kurdistannet.org
27-1-2006 0:37 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## با پێکەوە ئەم دیوارە بڕۆخێنین!! ... ساردین

سوید



لە هەموو کۆمە ڵگایەکداو لە هەموو نەتەوەیەکدا کلتووری تایبەتی هەیە، ئەویش لە نەوەکانی کۆنەوە وەرگیراوە، ڕەنگبێ زەمەن کاری پێ کردبێت وەهەموو کۆمەڵگایەك ئاستی ڕۆشنبیری بەو کلتوورە هەڵئەسەنگێنێ، مەرجیش نیە لە هەموو ئاستێکدا هەڵبسەنگینرێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا لە گۆراندایە، ئەو گۆڕانەیش هەر مرۆڤەکانە بەهۆش و هزرەوە کە ئەو دیوارە دەرۆخێنن، ئەو دیوار روخاندنە ئەبێ چی بێ کە من لێرەدا ئەی نووسم!!.

هەستی مرۆڤ زۆر بەرزە بەرزتیش ئاستی ڕۆشنبیری یە، بەڵام ئەم دیوارە داخراوەیە زۆرجار لە ناو ئاستی ڕۆشنبیرانی ئیمەدا پێش چاوو دەکەوێت بە تایبەتی لەهەندەران،

زۆر جار سەرنجی خەماوی دایگرتووم لە بەر ئەو دیاردە نالەبارە کە لە شایی و ماتەمینیدا دەر دەکەوێت، لەناو کۆمەڵگایەکی کوردەواریدا کەچاو هەڵئەهینن، ڕاستە زۆر جەخت کردنەوە لەسەرماندا زاڵە هیچ شتێك بەئارەزو وخواستی ئیمەدا نی یە هەمیشە پیاو دەسەڵاتی یەکەم بووە ژنیش بە دەسەڵاتی دووەم، هەڵبەت من باسەکەم لێرەدا لەسەر دەسەڵات نی یە بەڵکو لەسەر دیاردەیەکی زۆر زەقە کە هەمیشە و زۆر جاران لە ئاهەنگەکان و ماتەمینیکان بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەویە کە لە ئاهەنگەکان هەمیشە لەلایەن دایك و باوکەوە چاویان لەسەر کچەکانیانە بەتایبەتی کەلەکاتی شاییدا نەوەك دەستی کوڕێك بگرن، یاخود زۆر جار پیاوان لە لایەك دادەنبشن و ژنان لە لایەکی تر.
هەروەها زیاتر کەپێش چاووم کەوتووەو سەرنجی خەماوی دایگرتووم لە ماتەمینیەکان، خۆی ماتەمینی بەمانای زۆر خەمە بەتایبەتی ئازیزیکی نزیکت یاخود دۆستێکی نزیکت لەدەست بچێ بەڕاستی خەمێکی گەورەیە لەگەلڕ ئەو خەمە گەورەیەش ئەوەش پێش چاوو دەکەوێت کە لە لۆکالێکدا ژنان وپیاوان کۆ دەکەنەوە، کە چی هەر روو لە لۆکالەکە دەکەی ئەبینی ژنان و پیاوان جیاکراونەتەوە هەر لە نیوەندی لۆکالەکە، ئەمە لە کاتێکدا کوردەکانی خۆمان لە هەندەران لە وولاتیك دەژیین ئاستی روشنبیری و دیموکراتی تیدا زۆر بەرزە، کە زۆر بەداخەوە هیچ سوودیان لەم وولاتانە وەرنەگرتوە!.

زۆر بەداخەوە کە ئێستا ئەڵێم ئەم دیوارە وەکو خۆی ماوەتەوە دەبا پێکەوە بەهەموومانەوە ئەم دیوارە بڕۆخێنین بانەبێتە بەربەست لەبەردەم مناڵانمان با بەشیوەییکی مۆدرێن و شارستانی مامەڵە بکەین با بەئارەزووی خۆیان تێر هەڵپەڕن، ئیتر ئەم دیوارە لە خۆشی و ناخۆشی دا هەر بەو جۆرە بێت ئەنجامەکەی بەدواکەوتوویی ئەمێنیتەوە.

وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆکرد هەموو کۆمەڵگاکان لە گۆراندان، ئێمەیش وەکو لەم کۆمەڵگاو و وولاَتە پێشکەوتوانە ئەژێین هەق وایە سوودی لێ وەرگرین و ئاستی ڕۆشنبیریمان بەرزکەین و بگاتە ئاستی ئەوان، هەتا کەی ئەم دیوارە داخراوەیە لە لامان بمێنی، ئەی کە ئەڵێ ی ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان لە پێشەوەیە دەبا بەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی خۆمان ئەم دیوارە داخراوەیە بڕۆخێنین.

www.kurdistannet.org
27-1-2006 0:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

sardeen1997@hotmail. com